# ژن و دەستور

## دیدار لەگەڵ لیلی محەمەد

### سازدانی خەسرەو سایە

**خەسرەو سایە: ئاگادارن ئەمرۆژانە دەزگاكانی راگەیاندن یەكەمین مسۆدەی دەستوری عیراقیان بلاوكردەوە كەبریارە بۆ دەنگدان لەسەری بخریتە بەردەم خەلكی عیراق.. ویرای ئەوەی كە هیشتا لەسەر بەندوبرگەو شیوەی بەیانی رستەكانی ئەم مسۆدەیە ریكەوتنی تەواو لەئارادا نییە.. بەلام پیناچیت جیاوازییەكی ئەوتوو لەو نوسخەیەی ئیستاهەیە ولەوەی كەدەخریتە بەردەم خەلكی عیراق شتیكی جەوهەری هەبیت... لەم بارەوە رای ئیوە بەگشتی لەسەر ئەم مسۆدەیە چییە؟**

لیلی محمد: ئەگەر لەناوەرۆكی بەندەكانی رشنوسی ئیستای دەستور بگەریین، ئەوپرسیارە خۆی دەخاتەروو كەدەلیت: كین ئەوانەی ئەم رەشنوسەیان دارشتووە؟ وەلەچ هەلومەرجیك و بەپیی كام میكانیزم، بریارە دەنگی بۆبدری؟ وەلامدانەوەی خیرا بەم پرسیارانە ئەو گەمە سیاسییە كۆنەپەرستانەیەی لەپشت ئەم سیناریۆیەوەیە خۆی ئاشكرادەكات كەئیستا لەعیراقدا بەریوەیەو ئامانجی دابەشكردنی دەسەلاتە لەنیوان دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی وتیرەگەریدا. هاوكات ئەوە دەبینین كەئەو شتەی كەئەم لایەنانە دەیانەویت دایبمەزرینن رژیمیكی پەرلمانی ودەستوری جیگیرنییە كەبریارە بەدوای دەنگداندا دابمەزریت. بەلكو راستییەكی‌تر لەگۆردایە.. ئەمریكا لەسەروی ویستی خەلكەوە جەنگیكی سازدا ورژیمی خویناوی بەعسی رووخاند، بەبی ئەوەی ئامادەبیت بۆ رۆلی ئەم هیزانە و لەم جەنگەشیدا هەموو دامەزراوەكانی كۆمەلگای مەدەنی عیراقی دارماند ودواتریش ئەم هیزە تیرۆریست و كۆنەپەرستانەی وەك دەسەلاتدارانی ولات بەسەر خەلكەوە داسەپاند. لە رەوەندیكی سیاسی ئاوادا ئەمانە ئەوانە بوون كەبیركردنەوە لە بەرژەوەندییەكانی خەلكی عیراق و لانی كەمی دوایەك كەخەلك هەیەتی مەسەلەیەك نییە لەفەرهەنگی سیاسیاندا بیت و بگرە هەموو هیز وتوانایان بۆدزینی پاروی دەمی خەلك تەرخانكردووە. تەنانەت ئەگەر هەموو ئەو تەرحە سیاسی وفكرییانەی لایەنەكانی بەشدارلە پرۆسەی نوسینەوەی دەستوردا بخەینە كەنارەوە وبەتەنها سەرنجیك لە كارنامەیان بدەین كەبەدوای رووخانی رژیمدا پەیرەویان لیكردووە، بەسادەیی ئەوە دەبینین كە ئەم هیزانە نەك هەر شەرعیەتیان نییە بۆدارشتنی دەستوور وناكری چاوەریی ئەوەیان لیبكری كە لانی كەمی خواست و ئازادییەكانی خەلكی عیراق بچەسپینن، بەلكو خۆیان بەربەستی سەرەكی سەرریگای بەدیهاتنی خواست و ئازادییەكانی خەلكی عیراقن. لەم بارەوە شوینی خۆیەتی بپرسین كەچۆن تاقمە ئیسلامییە شیعییەكان دەتوانن بریار لەسەر ئازادیە سیاسی و مەدەنییەكانی خەلك بدەن لەكاتیكدا خۆیان رۆژانە ناوچەكانی ژیردەستیان كردووە بە جەهەنەمیك و لەریگای كوشتن و ترساندن و ئینساندزینەوە سەركوتی هەرجۆرە ماف و ئازادییەكی خەلكی دەكەن؟ من دەتوانم بلیم كە خەلكی عیراق بەتایبەتی ژنان رای خۆیان پیشتر لەسەردەستوریك داوە كە ئەم هیزانە داریژەرین، بەتایبەتی كاتێ ژنان و خەلك بەتوندی لەدژی بریاری 137 دا راوەستانەوە. وە توانییان هەلیوەشیننەوە.

بەكورتی ئەگەر بلیم ئەوەی كەلەژیر ناوی گەمەی دەستوردا لەئیستای عیراقدا بەریوەیە لەراستیدا شتیك نییە جگەلە هەولدانی ئەمریكاو لایەنگرانی بۆ"شەرعیەتپیدانی دەستوری" بەبارودۆخەكانی ئیستاو دابەشبوونی تایەفەیی و دینی وقەومی وعەشیرەتی. ئەمەش سیناریویەكی تەواو كۆنەپەرستانەیە. لەحالەتیكی ئاواشدا بیركردنەوە لەدەوروەدەخالەتی چالاكانەی جەماوەر بۆ راگەیاندنی خواستەكانی خۆیان و تەعبیركردن لەجۆری نیزامیك كەدەیانەویت، جگە لە خەیال شتیكی ترنییە.

**خەسرەو سایە: هەرچۆنیك بیت ئەم مسۆدەیە لەسەردەمی دوای رووخانی رژیمی بەعس نوسراوە، ئایا دەكری ئەم مسۆدەیە بەراوردبكری لەگەل دەستوری رژیمی بەعسدا؟ ئەگەرنا لیكچوونیان چییە؟**

لیلی محمد: ئەوەی كەپیشتر بەدەستووری سەردەمی رژیمی بەعس ناودەبری شتیك نەبوو جگەلە دەستوری رژیمیكی دیكتاتۆرو سەركوتگەر كەبەپیی بیروبۆچوون و سیاسەتی قەومی و فاشیانە دانراوە. دەستوریكی ئاواش ناكری لانی كەمی مافە سیاسی و مەدەنییەكانی خەلكی تایا بدۆزریتەوە. بەلام رەشنوسی دەستوری ئیستا بۆچوونی ئەمریكا و سیاسەتەكانی لەبەرامبەر كۆمەلگای عیراقدا گەلالەدەكاتەوە، دابەشكردنی كۆمەلگای عیراق بەكۆمەلیك قەوم و تایفەو تیرەو بالی ئایینییەوە، هاوكات ناساندنی ئەمەش وەك تایبەتمەندییەكانی كۆمەلگای عیراق راستەوخۆ بەمانای ئینكاركردنی مەدەنی بوونی كۆمەلگای عیراقە وەك باقی كۆمەلگا شارستانی و موتەمەدینەكانی نیو دنیای ئەمرۆ. بەم هۆیەشەوە ئەمریكا كۆمەلە سیاسەت و كارگوزارانیكی كۆنەپەرست و دەستكردی خۆی داسەپاند بەسەرخەلكدا وئەمانەشی ناولینا" نوینەرانی ئەتیافی عیراقی". دواتریش ئەمانە هاتن دەستوریان وەك بابەتیك بۆ پیناسەی تەوازنی هیز وكیشمەكیشی نێوانیان بەدەستەوەگرتووە. كایەیەكی ئاواش هیچ پەیوەندیكی بە چاوەروانی و خواست و ئازادییە فەردی ومەدەنییەكانی خەلكی عیراقەوە نییە.

سەرەرای ئەوەی دەستوری بەعس ناوەرۆكیكی فاشی و كۆنەپەرستی هەبوو بەلام نەی توانیبوو خاسیەتی مەدەنی بوونی كۆمەلگای عیراق ئینكار بكات. بەلام ئەمە ئەو خالەیە كە بەیەكجاری لەمسۆدەی ئیستادا سردراوەتەوە، لەمەش زیاتر ئەگەر دەستوری بەعس راستەوخۆ بەیانیك بوو بۆسەركوت و ژیرپینانی خواستەكانی خەلك و بەقانونی نیشاندانی پەلاماردان بۆسەر نارەزایەتی جەماوەری، و بزوتنەوەی كریكاران و موخالیفانی رژیم، ئەوا هیزەكانی ئیستای عیراق و بەرلەدەستورەكەیان ئەم كارنامەیەیان كردۆتە بەرنامەی خۆیان و گەرەكیانە لەریگای دابەشكردنی كۆمەلگای عیراق بەتایەفەو تیرەو قەومەكانەوە ئەم سیاسەتەی رژیمی بەعس لەبەرامبەر بەشەكانی خەلكی عیراقدا بەرن بەریوە. بەبروای من بەراوردكردنی دەستوری ئیستا بەدەستوری رژیمی بەعس لەیاری منالانە دەچیت تا سیاسەت و راستی، ئاخر بریارنەبوو خەلكی عیراق بەدوای رزگار بوون لەستەم و سەركوتگەری بەعسی جاریكی ترو بەشیوەیەكی‌تر بخریتەوە ژیر سایەی ئیستبداد و سەركوت و هەلاواردن.

**خەسرەو سایە: بەلام مسۆدەی ئەم دەستووره لەچەند شوین باس لەئازدای ژنان ومافەکانیان دەکات، ئیوه چۆن ئەم مسۆدەیە لەروانگەی یەکسانی و مافـەکانی ژنانەوە دەبینن؟**

لیلی محمد: ئەو برگە و بەندانەی لەرەشنوسی ئیستادا ئاماژەن نەك هەر بۆ ئازادیـیەکانی ژنان بەلکو بۆگشت ئازادیـیە سیاسی و مەدەنیـیەکانی تر زۆرتر رەنگدانەوەی واقعیەتی کیشەو ململانێی هیزە قومی و ئیسلامی و تایەفییەکانە کەبـەدەوری سیاسـەتەکانی ئـەمریکادا کەوتونەتـە هاوپەیمانیتیـیـەوە، تائـەوەی بەنـد و برگەیـەك بـن پەیوەندیان بە باوەر وبۆچوونی هیزە بەشدارەکان لەنوسینەوەیدا هەبی. بۆنمونە هیزە ناسیونالیستە کوردەکان کە داوای عـەلمانیەت دەکـەن لەبەرامبـەر ئیـسلامی سیاسـیدا، کەچی هەرخۆشیان نوینەرانی ئەم رەوتەیان لەسالی 1992دا لەدەسەلاتدا شەریککردووە. لەمەش زیاتر یـەکیتی نیـشتمانی کوردسـتان و خـودی تالـەبانی یارمەتیـیـەکی زۆروزەبەندی پیشکەش بە دەستەو تاقمی ئیسلامی کردووە وریگای پیداون بەسەر ژیانی خەلکی کوردستاندا دریژبکەن. کەچی لەلایەکی تریشەوە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق وەك حیزبیکی عەلمانی دا بەدادگا لەبەرئەوەی داوای رژیمیکی عـەلمانی کـردووە!. تەنانـەت لەکاتیکـدا کەئـەم حیزبـە خواسـتی بـەرپاکردنی ریفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستانی خستەروو ئەوە یـەکیتی بـوو پـەلاماری چـەکدارانەی بردەسـەری و بارەگاکـانی حیزبـی کۆمۆنیـستی کریکـاریی عـیراق و ریکخـراوی سەربەخۆی ئافرەتانی داخست، کەچی ئیستا هەرئەم حیزبەیە لایەنەکانی رەقیبی خۆی بە ریفراندۆم و جیابوونەوە هەرشەلیدەکات!! هەرلیرە ئەوە بلیم هەمـوو ئـەو بەندانـەی کە باس لە ماف و ئازادی خەلك دەکەن لەم رەشنووسەی ئیـستای دەسـتوردا لەکوتاییـدا بـە ووشـەی" بـەو مەرجـەی" گریـدراوە. مـەرجیش لـیرەدا شـەریعەتی ئیـسلام و بنەماکانی دینی رەسمی وولاتە. ئەمـەش جگەلە کاریکی گالتەجارانە شتیکی ترنیـیە. بەتایبەتی کە هەمـوان ئەوەیان لیئاشکرایە کە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامی بەوە ناسراوە ژنان سەرکوت بکاو مافە ئینسانی وشەخسیـیەکانیان بەرەسمی بۆ نەناسیت. شەریعەتیك کە ژنان بەئینسان نازانی چۆن دەکری ماف و ئازادی بۆ ئـەوانی لی بـەدی بکری. لەراستیدا بەپیچەوانەوە گەیشتنی ژنان بەماف و حورمەتی ئینسانی و ئازادیـیـەکانیان گریـدراوە بەدارشـتنی دەسـتوریکەوە کەدەسـتی ئیـسلام و شـەریعەتەکەی لەسەر ژیانی خەلك و کۆمەلگاو لەوانەش ژنان کۆتابکاو بەیەکجاری بیسریتەوە. لەحالەتیکی ئاوادا دەبی چ چاوەروانیـیەك لە لایەنەکانی دارشـتنی دەسـتوربکریت بۆژنـان کە هەرئەوانەبوون بریاری 137 یان هینایە ئاراوە و رۆژانە خەریکی بەزۆر حیجابکردنی کـچان و ژنـانن و لەهەولـدان بـۆ ئیـسلامیکردنی زانکـۆ و بەریوەبەرایەتیـیـەکان وخەریکی برەودانن بەچەند ژنەیی و.. پەیرەوی کردنی یەکجاری شەریعەتی ئیسلامی!!

ئەگەر هەمووبان لەسەر ئەوە هاورابین کە ئەرکی دەستور بریتیـیە لە ریکخستنی ژیانی سیاسـی کۆمـەلگاو دابینکردنـی ئازادیـیـە سیاسـی و مەدەنیـیـەکان. ئەگـەر قبولمان بیت دەستور بەیاننامەی ماف و ئەرکەکانی هاولاتیان وبەشداری ئەوانە لەریگای حیـزب و ریکخـراوە و دامەزراوەکانیانـەوە، ئـەوا دەبـی نوینـەرانی خـەلك خۆیـان تەرەفبن لەنوسینەوەیدا، نەك سپاردنی ئەم کارە بەوەکیلە دانراوو فەرزکراوەکانیان. بەبروای من جەماوەری خەلك نەك هەر نابی دەستوریك قبولبکەن کە لەسەروی ئەوانـەوە دانراوە بەلکو دەبی دەسەلاتی ئەم هیزانە بەدەردی رژیمەکەی صەدام ببەن.